ئەفسانەی

((ماڵ : شوێنی شیاوی ژن)) ە

وتەیەكی كۆن هەیە كە تا ئەمڕۆكەش بڕ دەكات و ملیۆنەها كەس لە دونیادا بڕوایان پێی هەیە ، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و دونیای ئیسلامی ، كە دەڵێت : جێگەی شیاو بۆ ئافرەت تەنها ماڵە ، بەڵام ماڵی پیاو هەر هەموو جیهانە ، كەواتە ئەم جیهانە لەسەر بناغەی ڕەگەزی نێر و می دابەش كراوە ، گەرچی ووتەیەكی لەم بابەتە هێرشی زۆری لەسەر كراوە ، بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا و لەلایەن شەپۆلی یەكەمی بزافی "فێمنستەكان" ، بەڵام ئەم بیر و بۆچوونە هەر لە ئارادایە و كوێر نەبۆتەوە ، جەنگەكەش بەردەوامە لەسەر ئەوەی كە جیهان ببێتەوە مولكی هەردوكیان ، ئافرەت و پیاو .

دیارە ماڵ وەك شوێن كە جوگرافیایەكی زۆر بەرتەسكە و پتر لە زیندان دەچێت ئەو وەختەی كە ئافرەت هیچ ئازادییەكی لە هەڵبژاردندا نەبێت ، وەك لای ئێمە باوە ، ئەو شوێنەیە كە پتر درێژ كراوەی ئەشكەوتە كۆنەكەیە ، هەر چەندە ئافرەتی ناو ئەشكەوت زۆر بەختەوەرتر بوو لەو ئافرەتەی ئەمڕۆكە كۆشكی بۆ دەڕازێتەوە ، چونكە بە گوێرەی هەموو خوێندنەوەكان ملیۆنەها ساڵ ئافرەت جۆرێك لە هێز و دەسەڵات و سیحری هەبووە ، پەلەوەر و ئاژەڵی لەبەردەمی ئەشكەوتەكەدا بەخێو كردووە ، لە گیا و گوڵا دەرمانی دەرهێناوە و "حەكیم" بووە ، سەرگەرمی جۆرێك لە كشت و كاڵ بووە و منداڵی ناوەتەوە ، بوونی ئەو هەموو خواوەندە مێیە بۆ ئەو هێز و سیحرە دەگەڕێتەوە ، هۆكار زۆر بوون بۆ شكەستی دایك سالاری لە بەرامبەر باوك سالاریدا كە وای كرد ئافرەت پێگەی خواهانەی خۆی بدۆڕێنێ ، لێرە و لەوێ ، مێژووی درێژی كۆیلە بوون دووبارە بكاتەوە ، گەر ماڵ تاكە شوێنێكی ڕاستەقینەی ئافرەت بێت ، بە حوكمی ئەوەی منداڵی دەبێت و مەرجە بە خێوی بكات ، كە ئەوەیان تەنها یەك لەو سەدەها بیانووەیە كە ژن لە ماڵەوە بەند دەكات ، كەواتە ئەوەی كە لەسەر گۆی زەوی دەمێنێتەوە ماڵی پیاوە كە ملیۆنەها كەسیش وای بۆ دەچێت كە ئەوە ئێمە نین وامان دابەش كردووە ، بەڵكو خودا خۆی ئەم دابەش كردنەی بە پیرۆز زانیوە ، هەڵبەتە ئەو كەسانە ئەوەندە پێویستیان بەوە نییە بگەڕێنەوە ناو دەقە ئاسمانییەكان ، چونكە دواجار ئەو یاسا زاڵە بووەتە كەلتوور و ڕێ و ڕەسمێكی چەسپاو ، ئەو دابەش كردنە گەر وەهمیش بێت لای ملیۆنەها بە گوێرەی ئەو سیستەمە پاتریاركییەی (پیاوسالارییەی) كار دەكات بوو بە یاسا و كەلتوورێكی پیرۆز ، دەرەوە هی پیاوە و ژوورەكانیش هی ژنان .

هەتا ئەو جەنگاوەرانەی ئامادەن شەڕ لەسەر ڕووخاندنی ئەو دیوارە بكەن كە ژنان و پیاوان فڕێ دەداتە دوو مەملەكەتی لێكدی دوور ، مەملەكەتێكی بێ سنوور و مەملەكەتێك كە تەنها هێلانەیەكی چكۆلەیە ، زۆر جاران لە ژێر فشاری ئەو كەلتوورە و بڕوا بەهێز و پیرۆزە هەرەسێنن و دەكشێنەوە ، هەڵبەتە بەهێز و پیرۆز لە دیدی هەڵگرانی باڵە تەقلیدی و پاشكەوتووەكان ، لەناو كۆمەڵی كوردەواریدا هیچ هێزێكی ڕادیكاڵ نییە ، بە تایبەتی لە هەڵگرانی فیكری ناو حیزبەكان ، دیارە لە نووسەران و ڕۆشنبیران ئەو بەرە بەهێزە نییە كە ڕوانینە تەقلیدییە تووڕەی بكات و فیكرێك بەرهەم بێنێت دژ بەو كەلتوورە كۆن و داڕزیوە .

كێشەكە بە تەنها ئەوە نییە كە ئافرەتان بخرێنەوە كونی ژوورەكانەوە ، بەڵكو ئەوان لەسەر جادە و كۆڵان و ناو دەزگاكانیش ئەوەندە ڕاڕا و پڕ ترسن كە هەرگیز ناتوانن خۆیان بن ، نەك هەر ئەوەندە و بەس .. ئافرەتە هەرە ئازادیخواكانیش ڕۆڵێكی پاسیڤ و گوێڕایەڵا دەبینن بۆ هەمیشە ڕۆڵی (بكەر) بە پیاو دەبەخشن و ڕۆڵی (بەركار) بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینن گەر بگەڕێینەوە بۆ ناو زمانی خۆی ، بۆ هەمیشە هەر هەموو ئافرەتان خاوەنی ئەو زمانەن كە بۆنی

ژێر دەستەیی و خۆبە دەستەوەدانی لێدێت ، من خۆم گوێم لە کچان و ژنانی زۆر ڕادیکاڵ بووە کە وتوویانە " من ئامادە نیم لەشی خۆم بەو پیاوە (یان پیاوان) ببەخشم " .
ئەوە هەمان ڕستەی داپیرەکانیانە بەڵام لە ڕێزمانێکی جوانتردا ، ئەوە پیاوانن بە شێوەی جۆراو جۆر بایەخ و نرخی ماددی بۆ کچان و ژنان دادەنێن و ئەوانیش قبوڵیانە ، ئەوە کەلتوورە وا دەکات دڵی بە مارەیی و پێشەکی و پاشەکی خۆش بێت .
هەڵبەتە هەر کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك فەلسەفە و خەسڵەتی خۆی هەیە بۆ دابەش کردنی ژنان و پیاوان بەسەر دونیای جیاوازدا و کاریگەری تەواویش لەسەر یەکە بە یەکی ئەو خەڵکانە بەجێدەهێڵێت ، لەسەر کۆی پەیوەندی و ڕایەڵی ڕۆحی و مۆراڵی هەر هەموو کۆمەڵگا ، هەر ئەوەشە مەبەستی ئێمە کە بزانین ئێمە هەڵگری چ بیرۆبۆچونێکین لەمەڕ ئافرەتان ، ئایا ئەو ڕۆڵەی دراوە بە ژن شیاوە یان جێی گومان و پرسیارە؟ ئایا ئافرەت خودی خۆی بەوەی زانیوە کە فێڵی لێ کراوە و ئەم کەلتوورە بە پیرۆز دەزانێت؟ هەوڵێکی سەرەتایی بۆ گومان کردن لەو بەها و مۆراڵ و بیر و بۆچوونانە زۆر پێویستە ، چونکە لەمرۆکەدا هێزێکی گەورەی سەلەفی پشت بەستوو بە ئایین و کەلتوری پاشکەفتی هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ هاندانی ئافرەتان کە ماڵ بە مەملەکەت و شوێنی شیاوی خۆیان ببینین ئەگینا ناتوانن نەوەیەکی پاك و خوداناس فڕێبدەنە ناو دونیا ، جیا کردنەوەی نێر و مێ لەسەر بناغەی ئەوەی لە ڕووی سێکسی و فیسیۆلۆژیەوە دوو بوونەوەری جیاوازن مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە ، بە لایەنی کەم لەوەتەی کە مێژوو هەیە تۆمارەکان ئەو دەسەلمێنن کە هەر لەم ناوچەیەدا واتا لە میزۆپۆتامیا ، پیاو شەڕ لەسەر هێز و سەردەستەیی و زاڵبوونی خۆی دەکات و بە پەراوێز کردنی ئافرەتی کردووە بە فەلسەفەی خۆی ، ئەو مێژووە لە شەش هەزار تا دە هەزار ساڵ تەمەنی هەیە ، ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونە لەم سەردەمەدا و ئاشکرا لای ژمارەیەك لە دەروونناسەکانی ئەم سەردەمەدا نەخشی خۆی داناوە .گەڕانەوەیەك بۆ قوتابخانەی (شیکاری دەروون) زۆر شتمان پێدەڵێت ، بە تایبەتی لای (ئیریك ئێرکسن) هەر بۆ نموونە فۆرمەلەیەکی واکە دەڵێ : پیاو بەهێزە و ژن لاوازە ،
پیاو دڕە و ژن نەرم و نیانە ، پیاو بزێو و ژن هێمنە ، پیاو عەقڵ بەکار دەهێنێت و ژن سۆز ، پیاو بایەخ بە بیر و باوەڕەکان و شتەکان دەدات ، ژن بایەخ بە خەڵك و هەست و نەستەکانی دەدات ... هتد .
لە ناو سروشتیشدا پیاو بە خۆر و ڕووناکی و شاخ بەراورد دەکرێت ، ژن بە مانگ و تاریکی و ئاو ، پیاو گەرمە و ژن سارد ؛ هەموو ئەم خەسڵەتانە جۆرە فێڵ و تەکنیکێکە کە خەیاڵ و ڕۆح و مێنتالتی ئافرەت ئامادە دەکات بەوەی کە ئەم وەسفانە بەجوان ببینێ و پێیان ڕازی بێت .
دکتۆر ئێرکسن لە تاقیکردنەوەیەکی خۆیدا لەگەڵ کۆمەڵێك کوڕ و کچدا نووسی کە کوڕان لە گەمەی (میکانۆ)دا هەمیشە ئەو دیمەنانە دادەمەزرێنن کە پتر ئەو دیمەنانەن لە دەرەوە ڕوو دەدەن ؛ هەڕەشەی ئاژەڵە کێوییەکان ، تامپۆنی ئۆتۆمبێلەکان ، کەچی کچە پارچەکان بووکە شووشەکان دەکەن بە میوان و خانە خوێ و میوانەکان چا دەخۆنەوە ؛ یان پیانۆ دەژەنن لە ماڵەوە .
دیارە لە پشت هەر گەمەیەك و کارێکەوە شێوازێك یان سیستەمێکی بیر کردنەوە و ڕەفتار هەیە ، سیستەمێك کە کۆن و پەنهان و بەهێزە ، بەڵام دەست کردی پیاوە ، ئەوە ئێمەین کە دواجار خاوەنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەن کە لە باو و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە ، دوا جاریش کۆمەڵناس و مرۆڤ ناس و ئایین پەروەران و سیحر بازەکان و پادشاکان و ئاخوندەکان ئەو تەونە ئاڵۆزەیان لە پەیوەندی (نێر بە مێ)ەوە چنیوە و بە سەدەها ڕایەڵی دیار و نادیار ئێمەیان گەمارۆداوە ، بەڵام ئەوەی کە بۆتە جوغزی ژیان و ڕەفتاری ئێمە لەگەڵ یەکدیدا ڕەسم

دەکات ، کە لە زۆربەی شوێن و زەمەنەکاندا ئاڵۆز بووە ، لە پای ئەوە ئاڵۆز بوونەدا کە بڕوای تەواوی بە جیاوازی نێر و مێ هەیە لە ڕووی فیزیکی و فسیۆلۆژییەوە بە ڕادەیەك کە هەردوو توخمەکەی بە یەکدی نامۆ کردووە و دوو دنیای دژ بە یەکی دروست کردووە .
ڕاستە ئەمڕۆکە بزافێکی شەرمنی ژنانە لە کوردستان داوای گۆڕانی ئەو جوگرافیا ڕەسمکراوە دەکات ، گۆڕینی ئەو مێژووەی کردووە بە خەم ، بەڵام ئەم بزافە لەسەر دەستی ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتان بانگەشەی بۆکراوە و لەژێر باڵی ئەو حیزبە کۆنە پارێز و شەرمنانە داهاتوونەتە دەرێ ، جگە لەوەش هەژاری لە پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و داخستنی میدیاکان بە ڕووی ئەم کێشە هەڵواسراوە وای کردووە ئەو بزافە نەبێت بە بزافی هەر هەموو ئافرەتان و سەرتاسەری ، جگە لە ڕازیبوونی ژنان ، خۆیان ، بەو چارەنوسە بێئاگابوون لەو فێڵە گەورەیە ، سەرباری نەبوونی کەمترین هۆشیاری بە ماف و داواکانی خۆیان .
ئەو کێشەیەی کە تا دوێنی شاراوە و نادیار بوو ، بە شەرمەوە ، بە ترسەوە قسەی لەسەر دەکرا ، ئەمڕۆکە بووەتە بابەتی گفت و گۆ و دەمەتەقێی ژمارەیەك لە ژن و پیاوانی کورد ، بەڵام هێشتا لە بازنەیەکی زۆر بچوکدایە و نەبۆتە خەمێکی میللی و سەرتاسەری ، نە کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی هەن کە گۆڕانێك لەو پەیوەندییە دروست بکەن و گومانی گەورە لەو کەلتوورە بکەن ، نە بزافێکی ئازا و ڕاستەقینەش هەیە کە بە زەبری سەپاندنی کۆمەڵێك یاسای مەدەنی شتێك لەو مەسەلەیە بگۆڕێت .
هێشتا جیهان هی پیاوەکانە و جێگەیەکی بەرتەسك کە دەکرێت ماڵ بێت ، هەر هێلانەیەکی چکۆلەی لەم چەشنە ، هەموو مەملەکەتی ژن بێت ، کۆمەڵگا سوورە لەسەر بەخشینی ئەدگار و خەسڵەتی جیاوازی سایکۆلۆژی بە نێر و مێ ، لەگەڵا دەست نیشان کردنی ئەرك و مافی جیاواز و شێوەی ژیانی تایبەت بە ژن و پیاوەکان چونکە بە بڕوای زۆرینە ژن و پیاو خاوەنی هێز و توانای جیاوازن ، جا چ لە ڕووی فەرهەنگیەوە بێت ، یان مۆڕاڵی ، یان کۆمەڵایەتی ، یان عەقڵی و فیزیکی ، هەڵبەتە بێبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژن پیاوی چالاك و هۆشیار بەو کێشەیە کە سوور بێت لەسەر جەنگی گۆڕینی ئەو جوگرافیایە ، ئەو دۆخە وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو بیانووەی کە ئافرەت بە سروشتی خۆی ئەو مەملەکەتە زۆر بچوك و ئەو قەفەز و زیندانە بە ماڵی خۆی دەزانێت ، گوایە ئەوە حەقیقەتی بوونی ئافرەت دەسەلمێنێت کە شیاوی ئەو شوێنەیە ، گەر وا نەبوایە تا هەنووکە کاراو پڕکردە دەبوون و لەو قەفەزانە دەهاتنە دەرێ ، پیاوان دەڵێن : ژنان خۆیان هەڵگری ئەو نەخش و ئەدگار و هەڵوێست و شێوە ژیانەن ، لێرەدا پیاوان ، مەبەستیان ببێ یان نا ، ئەوە لەبیر دەکەن کە خۆیان خودای ئەو هەموو فەلسەفە و یاسا و ڕێ و ڕەسم و کەلتورە زاڵەی نێرینەن کە جیهانێکی وا ناشرین و نایەکسانی خوڵقاندووە.
ئایا ئەم گریمانە و مەزاندانە ڕاستن کە ئەو جیاوازییە دەگەڕێنینەوە بۆ ناو سروشت؟ ئایا جیاوازی نێوان نێر و مێ لە ڕەفتار و هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەر ئەنجامی جیاوازی جەستە و ڕۆحی هەردوو توخمەکەیە؟ ئەم جۆرە بۆچوونە زۆر سادە و ئاسانە و لە هەمان کاتدا مێشك ماندوو ناکات ، کە هەموو گوناهەکانمان خستە سەر سروشت ، ئیدی ئێمە ئاسوودە و بێگوناە دەردەچین و پێویستیشمان بە بیر کردنەوە و گومان و پرسیاری دیکە نابێت ، ئەوەش چەشنێکە لە تەمبەڵی فیکری کە ئێمە خوومان پێوە گرتووە ، نموونەی زاڵبوونی نێر لە جیهانی مەلەکان و ئاژەڵەکاندا ، وای کردووە کە بڕوا بەوە بهێنین کە ئەو زاڵبوونی (نێر بەسەر مێ)یەدا حیکمەتێکی خواهانە و یاسایەکی پیرۆزە و گۆڕینی مەحاڵە ، بەڵگەش ئەوەیە شوێنی شیاوی مەل و ئاژەڵە مێیەکان هەر کولانە و هێلانەیە ، بەڵام دابەش کردنی وا قووڵا و ترسناك لە جیهانی مرۆڤدا لەسەر بناغەی توخم (Gender) عەقڵا و ئەندازەسازی خودی پیاوەکە کە

خوڵقێنەری ئەو کەلتورەیە ، چونکە گەر بیانوو ئەوە بێت ئەوەتا پیاوان و ژنان جیاواز ڕەفتاردەکەن و بیر دەکەنەوە و هەست دەکەن ؛ شتێکی ناوەکی و سروشتی ناو جەستە و ڕۆحی مرۆڤەکان نییە ، بەڵکو ڕەنگ ڕێژی کۆی ئەو بەهاو بیر و بۆچوون و مۆراڵەیە کە خودی کۆمەڵگا بە ددان و چنگ شەڕ لەسەر مانەوەی دەکات ، هەندێك لەو گریمانە و مەزەندەیە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی سایکۆلۆژین ، هەڵبەت تاقیکردنەوەکانیش جۆرێك لە جیاوازی دەروونی پیشان دەدەن کە ڕەسمی ئەو سنوورەی نێوان خاوەن سێکسەکان دەکات ، بەڵام بەرئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانە پەیوەستە بە بوونی ئەو مۆراڵ و هەڵوێست و ڕوانین و یاسایانەی وایان کردووە نێر و مێ کاردانەوەی جیاوازیان هەبێت ، ئەو ئەخلاقی (کۆ)یە کە نەخشی خۆی لەسەر ئەخلاقی (تاك) بەجێدەهێڵێت ، گەرەکە و مەرجەکە جیاوازییەکانیش مایەی جوانتر کردنی ژیان بن ، نەوەك بیانوویەك بۆچەوساندنەوە و ژێر دەستەیی ، کەواتە تاقیکردنەوەکان چەندە ئەو جیاوازییانەی نێوان نێر و مێ تۆخ بکەنەوە ، ئێمە دەبێ ئەوەندە پتر گومان لەو کۆمەڵگایە بکەین کە تیایدا دەژین کە دواجار بەرهەم هێنەری ئەو چەوساندنەوە و ملکەچی و بە پەراوێز کردنی ژنە لەسەر بناغەی لێکدوور خستنەوەی هەردوو توخمەکە .
سایکۆلۆژیستەکان ، دیارە هەندێکیان ، کاردانەوەی جیاوازی کۆرپە لە مێ و نێرەکان لە باوەشی دایکانیاندا دەکەن بە بەڵگە و بیانوو بۆ لەیەك دوور خستنەوەی ئەو دوو مەملەکەتە . ڕاستە کە ژن و پیاوان لە ڕووی جەستەیی و سایکۆلۆژی هەڵگری چەند جیاوازییەکی دیار و بەرچاون ، بەڵام هەتا گەر ئەوجیاوازییە دەرئەنجامی کارکردەی مێشك (دەماغ) بێت ، لە ڕەفتار و کاردانەوەکاندا ، دواجار مێژووی پێکهاتەی ئەو مێشکە تەمەنی ملیۆنەها ساڵە و کارکردەی کەلتوور و کۆمەڵگایە و بەرهەمهێنەری هەر هەموو جیاوازییەکانە ، جا جیاوازی فسیۆلۆژی یاخود سایکۆلۆژی ، هەر چەندە قووڵا و ڕەگاژو بێت ، بەشێکی زۆری ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ حەکایەتەکان و داستان و ئەفسانە ؛ یان ئەوەی کە پێی دەوترێت (خەرافە) کە لە ئاکامدا پێکهاتەیەکی باڵ و زاڵ دروست دەکات لە ڕەفتار و هەست و سۆز و ئارەزوو کە تێکەڵا دەبێتەوە بە ترس و شەرم و پێویستی و ڕاڕایی و نیگەرانی و حەرام و حەڵاڵ کە لە دواجار دەمانکا بە خاوەنی ئەو پێکهاتە مۆراڵی و فەرهەنگییەی لە بری عەقڵ بڕوا بە ئەفسانەکان بکەین ، هەتا گەر (لا شعور) نەستیش کانگای ئەو ڕەفتار و هەڵوێستانە بێت کە (منی باڵ super-ego-) ئاڕاستەی دەکات ؛ (منی باڵ)ش جگە لە کۆی پێکهاتەی ئەخلاقی کۆمەڵگا هیچی دیکە نییە کە هەم ئاڕاستەمان دەکات و هەمان چاودێرە بەسەرمانەوە ، دواجار دوو دەزگای تۆکمە و دامەزراو هەن ، خێزان و قوتابخانە ، کە بەردەوام ئەو جیاوازییانە بەرهەم دەهێننەوە ، بە پاشخانی فیکر و ئەخلاقێك کە کەلتوور و ئایین بە یەکەوە دەبنە دوو پایەی توند و تۆڵ بۆ ڕاگرتنی ئەو باڵەخانە بڵندەی کە کۆی پەیوەندییە نا جۆر و نایەکسانەکان لە ناو خۆیدا جێ دەکاتەوە ، ئەوە تەنها جینەکان و غەریزە نییە لێمان دەخورێت ، بەڵکو سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردنە کە ماڵ و مزگەوت و مەکتەب دەبنە کارگەی ئەو سیستەمە و هەمان شێوە لە فیکر و ڕەفتار بەرهەم دێنن .
دەی باشە کە بڕوامان وابێت کە خودی جیاوازی کەسەکان و ئەخلاقی کەسەکان شتێکە وا لە ناو خوێن و دڵا و مێشکدا ، شتێکە غەریزەی و خۆڕسك و زکماك ، ڕۆڵی هەر یەك لە ئێمە وەك نێر و مێ ناوەکی و میراتە ، دەی گەر وایە .. ئێمە بە چ هەقێك دادگایی ئەو کەسانە دەکەین کە لە ڕێ لا دەدەن ؛ مەبەست لادانە لە ڕەوشتی باوی ناو کۆمەڵگا ، ئەوانەی ئێمە سووك سەیریان دەکەین و پێیان دەڵێن حیز و گەواد و سۆزانی ؟!
ئایا ئەو مەیلەی ئێمە بە لامانەوە سەیرە لە خوێندا هەیە و گوناهی خۆی نییە یان ئەوەتا بە ئارەزووی خۆیانە و هەڵیانبژاردووە ، دواجار بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵگا خەڵکانێکی زۆر بە

تاوانباریان دەزانن ، بەڵام ئاخۆ لە سەرتاسەری دونیادا پێوانەیەكی هاوچەشن و ستاندارد هەیە بۆ ڕەفتار و ڕەوشی مرۆڤەكان ؛ بەو ئەو بەهایانەی پێیان دەوترێ ئەخلاق ، ئایا بۆ ڕۆڵ ڕەفتاری ژن و پیاوەكان ، لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە ناگۆڕێت؟ لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی دیكە ؟ لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی دیكە .
سنووری پەیوەندییەكانی نێر و مێ و پێگەی كۆمەڵایەتییان هەمیشە لە گۆڕاندایە ، بە قەد بوونی جوگرافیا و مێژووە جیاوازەكان مۆڕاڵی – ئەخلاقی جیاواز هەیە ، ڕاستی كە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاوەكاندا تا ئەمڕۆكە لە هەر هەموو كۆمەڵگاكاندا هەن ، بەڵام خودی ئەو جیاوازییەش لە یەك ناچێت و جیاوازە ، ڕاستە مەملەكەتی ژن و مەملەكەتی پیاو هەیە ، بەڵام هەمیشە لەسەر نەخشە پانتایی جیاوازی هەیە و هەمیشەش دەگۆڕێت .
لە هەر كۆمەڵگایەكی ترادیشناڵ-تەقلیدی ، كە كوردیش یەكێكە لەو كۆمەڵگایانە ، بۆ هەمیشە هێزێكی گەورەی كۆنە خواز و ڕابردوو پەرست و ترسنۆك و شەرمن هەیە كە لەسەر بیر و باوەڕ و بەها كۆنەكان دەلەوەڕێ ، ئاسانترە لەسەر ئەو مۆڕاڵە – ئەخلاقە – تەقلیدیە بژی كە هەیانە ، چونكە ئەوەیان وا دەكات سەر سەلامەت بێت و هیچ جەنگ و ماندوو بوونێكی ناوێت ، ئەو ڕۆحە شەرمن و ترسنۆكە دەستكاری ناڕێكی و نایەكسانی جیاوازییەكان ناكات ، بەڵكو بە پیرۆزی دەزانێت و وەك خۆی بەرگری لێ دەكات ، هەتا لە ناو نووسەران و ڕۆشنبیران و سیاسەتبازەكانی كوردیدا ئەو بوونەوەرە ترسنۆك و شەرمنانە هەن كە بڕوایان بەو جەنگە فیكرییە نییە لە بەرامبەر ئەو هێزە تەقلیدییانەی كۆمەڵگا ، كەس ئامادە نییە سەركێشی و پڕ كێشی ئەوە بكات ئەو نەخشەیە تێك بدات و گومان و پرسیار بخاتە بەردەمی هەمووان ، لەم حاڵەتەدا سستی و تەمبەڵی دەبێت بە بەشێك لە ژیانی ئێمە ، بێ باكی و ملهوڕی و كەمتەرخەمی ، دیارە هەموو گۆڕانێك پێویستی بە ئازایەتی و جۆرێك لە تێپەڕاندن هەیە ، ئەوەش بەبێ هۆشیاری بە گرفت و كێشەكان مەحاڵە ، ئەوە تەنها فیكرە كە وامان لێ دەكات كە ئازابین و گومان و پرسیار بكەین ، مانەوەی بیرۆكەی ماڵ شوێنی شیاوی ژنە و زیندوو كردنەوەی لە لایەن هێزە تەقلیدییەكان و تۆخكردنەوەی جیاوازی نێوان نێر و مێ بەڵگەی نەبوونی وەڵامێكی ئازا و توندی هەر هەموو خوێندەوارەكانی كوردە ، سەرباری نەبوونی گوتارێكی یەكگرتوو ، تۆكمە و ڕەسەن ، لە نێو سەرجەم ئەدەبیاتی فیكر و سیاسەتی ئێمە ، هەر ئەوەشە وای كردووە لە ناو ئەو چۆڵەوانییەدا هێزی پاشكەوتووی كوردی ، بە هەموو باڵە كۆنە پارێزەكانیانەوە ، بە دەنگێكی دلێرتر ، لە هەر كاتێكی زووتر ، ئەمڕۆكە بانگەشە بۆ وەها مۆڕاڵێك بكەن كە ژن تیایدا دووبارە ببێتەوە بە كۆیلە ، خۆزگە بە ڕۆژانی ناو ئەشكەوت بخوازێت .
گەر ئێمە بزانین ئەو دۆخەی تێی كەوتووین چەوتە ، دەتوانین بیر لەوە بكەینەوە ئاخۆ كامەیان ڕاستە ، ئەوە بەس نییە كە بزانین ئێمە لە كوێ وەستاوین ، بەڵكو گەرەكە بزانین ئێمە ڕازی نین بەو شوێنە و دەمانەوێ ڕووەو جێگەیەكی دیكە بڕۆین ، گومان كردن لەو نەخشەیەی كە هەمانە بەس نییە ، بەڵكو گۆڕینی ئەو نەخشەیە ئامانجی ئێمەیە ، گەڕان بە دوای ئەگەرەكانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان ، بە تایبەتی نێر و مێ ، یەكە خەمی ئێمەیە ، ئێمە پێویستمان بە ویست و هێز و فیكر و هەست و سۆزێكی گەورە هەیە بۆ گۆڕینی وێنەكان و نەخشەكان و ڕۆڵی ڕەسمكراوی ژن و پیاوەكان ، بۆ دامەزراندنی یەك مەملەكەت یان یەك جیهان .
پیاوان كە دەیانەوێت ئەو گریمانەیە بسەلمێنن كە (ماڵ جیهانی ژنانە) پشت بەو دیاردەیە دەبەستن كە دەبینن زۆربەی ژنەكان حەز بە ژیانی ناو ماڵەكانیان دەكەن و بۆڕاگرتن و پاراستنی ئەو ماڵە ئامادەن شەڕی دەستە و یەخە بكەن ، وەك ئەو مەلانەی یان ئەو

گیاندارانەی کە بە کەڵبە و ددان بەرگری لە هێلانە و کولانەکانیان دەکەن ، ئەوە لای من وەکو ئەوە بڵێیت ئەوەتا بولبولی (فنس) لە ناو قەفەزەکەیدا ئاسوودەیە ، بەڵام ئەو بولبولە دوای مانەوەی چل – پەنجا شەوێك لەناو قەفەزدا ڕادێت و دەست بەرداری فڕین و ئازادی دەبێت ، بەڵام ژنان هەقی خۆیانە بپەڕنەوە لەو سنورەی ڕەسم کراوە و ڕووەو جیهانی بەرفراوانی پیاوان بخزێن و بەشداری چالاکییەکان بکەن .

دیارە کە پیاوان هەر وا ئاسان دەرگاکان ناکەنەوە ، چونکە پیاوەکان هەمیشە لەو بەشداریکردنە گومانیان هەیە ، مەبەستم کۆنە پارێزەکانە ، بڕوایان وایە کە هاتنە ناو دنیای پیاوان وا دەکات لە ئیش و ئەرکی ناوماڵ دوا بکەون ، هەر لە منداڵ بە خێوکردنەوە تا دەگات بە جل شۆرین و چێشت لێنان ، ئایا کار کردن جوانی و مێینەیی ژنان ناکوژێت؟ واباشتر نییە کە ئەوان ژن و دایك و کچ و کەیبانووی چاك و خان و مان بن؟ هەمیشە بۆ پرسیار گەلێکی وەها وەڵامی جیاوازمان دەست دەکەوێت ، ئازادیخواکان بڕوایان بە جیهانێکی بێسنوور هەیە ، کۆنەخوازەکان ڕەتی دەکەنەوە و بە ترسەوە لەو جیهانە یەکرەنگە ڕادەمێنن ، بە گەڕانەوە بۆ ناو کەلتوور و ئایین و میراتی مێژوو ، دەکرێ کۆنە خوازەکان خاوەنی ڕاو بیر و بۆ چوونی خۆیان بن و گوێیان لێبگیرێت ، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن کە ئەوان خاوەنی حەقیقەتی ڕەها نین ، گرفتی گەورەی هێزە تەقلیدییەکانیش ئەوەیە کە بوارێك بۆ گفت و گۆیەکی عەقڵانی ناهێڵنەوە .

ئەمڕۆکە نەك هەر لە ڕۆژئاوا ، بەڵکو لای ئێمەش بە هۆی هاتن و پەیدابوونی تەکنەلۆژیا و سەدەها ئامێری جۆرا و جۆر و کەرەستەی خزمەتگوزاری زۆر ئەرك و کار لەکۆڵ ژن بۆتەوە و لێدەگەڕێت کە ژن بیر لەوە بکاتەوە بێتە ناو دونیای دەرەوە ، ئەمڕۆکە بە هەزارەها کچ و ژن لە کوردستان هەن کە تەواو بێزار و غەمگینن و چیتر ماڵ بە بەهەشتی خۆیان نازانن ، بەڵام دەترسن بە ئاشکرا پڕ بە دەم ئەو بێزارییە دەرببڕن یان زمانێك و کەناڵێك نادۆزنەوە بۆ دەربڕین ، زۆرن ئەو ژنانەی گەر نەڵێم هەمووانن ، کە ئامادەن هەموو ئەرکەکانی ماڵ بخەنە ئەستۆی خۆیان و کەچی لە دەرەوەش کارگە و فەرمانبەرن ، بەڵام لەگەڵا ئەو هەموو ئەرك و ماندوو بوونە ئامادەنین واز لە هیچیان بێنن ، بەڵکو بەردەوام هەوڵ دەدەن ئیقاعێك لەنێوان ماڵ و جیهانی دەرەوەدا بدۆزنەوە ، دیارە کچان و ژنانی ڕۆژئاوا مێژوویەکی درێژتریان لە ژێر بار و دۆخێکی وەهادا تێپەڕاند ، ئەمڕۆکە ئێمە لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی لە کوردستان زۆر ئاشکرا هەست بە هەمان دۆخی زۆر قورس و دژوار دەکرێت ، زۆر بە سادەیی گوێم لە سەدەها ئافرەت بووە کە ووتویەتی : ((هیچ نەبێت لە دەرەوە هەناسەیەك هەڵدەمژم .. وەیش خۆ خنکام لە ماڵەوە)) .

ترسناکترین شت کە پیاوان دەرکی ناکەن ئەوەیە مانەوەی ئافرەتان لە ماڵەکانیان وقۆرغ کردنی هەر هەموو جیهان وایکردووە کە جیهانی پیاوان ببێت بە گۆڕەپانی جەنگ و کوشتارگا ، ببێت بە دەریای فرمێسك و خوێن ، مانەوەی پیاوان بە تەنیا لەو جیهانەدا کردوونی بە دڕندە و هەر هەموو دونیاکەشمان جەنگەڵا ، ئەوە تەنها ئافرەتە کە دەتوانێت لەگەڵا یەکدی ئاشتمان بکاتەوە ، ڕۆحی شەڕانگێزی و دەمار گیری پیاوی کورد هی ئەوەیە کە کە بە هەموو ژیانی نە خۆشەویستی کردووە نە ئافرەتی ناسیوە ، ئەوەی ئێمە هەمانە دونیای پیاوە دڕندەکانە و دوور لە ڕۆحی پڕ لە میهر و سۆز و بەخشندەیی ئافرەت ، ئێمە کە سوورین لەسەر ئەوەی ئافرەتەکان کۆیلە و کەنیزەکانی ئێمە بن و بەندەوار و زنجیر لە مل و دەست و پێدا بن و لە ناو تاریکی ماڵەکاندا خنکابن ، هیچ مانایەکی نییە جگە لەوەی کە خودی خۆمان ، ئێمە وەك پیاوان ئازاد نین و ئازاد نابین .

پەرێشانی و وێرانبوونی دونیا و جەنگی نەبڕاوەی هەزارەها ساڵی پیاوەکان ، چ ئەندامی خێڵەکان و چ سەربازی دەوڵەتەکان ، جگە لە زاڵبوونی ڕۆحی نێرەکان کە ئەم جیهانەی کردووە بە جەنگەلێکی هاوچەرخ دەبێ چیدیکە بێت؟ کەواتە بۆ گەڕاندنەوەی شتێك لە ئاشتی و ئارامی و مەرجە واز لەو ئەفسانە و درۆیە بێنین کە ماڵ بکەین بە تەنها دونیایەك بۆ ژن ،
گەڕاندنەوەی ژن بۆ ناو مێژوو دەست کاری کردنی ئەو جوگرافیا درۆزنەیە ، ئەو بەهرە و توانایانەی کە وای کردووە ئافرەت لەناو ماڵ کاراو چالاك بێت ، دەکرێ لە جیهانی دەرەوەش کەڵکی لێ ببینرێت ، ئەو دابەشکردنە زۆر کۆن و کلاسیکییەی هەرێمەکان بە پێی توخمی نێر و مێ نامۆمان دەکات بە یەکدی ، گوایە سروشت وەها دەخوازێت ، دوای ملیۆنەها ساڵ ئەو ڕوانینە کۆنە لای ئێمە بە تەواوی نەگۆڕاوە کە وا دەڕوانێتە پیاو کە پتر لە ڕاوچی بچێت ، ئافرەتیش چاوەڕێ لەبەردەمی ئەشکەوت ، یان خودی خۆی ببێ بە نێچیر .
بڕوا هێنان بە وەها ئەفسانەیەك کە تەمەنی سەدەها ساڵە وای کردووە پیاوەکان وەك حەقیقەت لێی بڕوانن ، چونکە دواجار پیاوان بە تایبەتی کۆنە خوازەکان ، نایانەوێ دەست کاری ئەو پێگە نزمە بکرێت کە بۆ ئافرەت دانراوە ، بۆ ئەوەش پەنا دەباتە بەر هەموو شتێك : هەر لە زانستەوە تا دەقە ئاسمانییەکان دەکەنە بەڵگە ، دەگەڕێنەوە بۆ میتۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و فسیۆلۆژی و بگرە شێواندنی ئەو دەق و وتەزا و دەرهاویشتانەی کە لە زانستەوە بەرهەم هاتوون.
فێڵی لەوە گەورەتریش ئەوە بووە کە زۆربەی یاسا مەدەنییەکان کە دەبن بە بناغە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنان بە تەنها لە لایەن پیاوانەوە داڕێژراون ، لە ساتە وەختی نووسینەوە و بڕیاردان لەسەر کۆی ئەو سیستەم و یاسایانەی لە دادگاکان پەیڕەوی دەکرێن دەستکردی پیاوەکانە و خودی ژنان لە زۆربەی کات و قۆناغەکاندا ئامادەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە نەبوون کە بڕیار لەسەر چارەنووسی دراوە ، چ شەرع بێ و چ یاسای مەدەنی بە هەردوکیان ئافرەتیان وەك بوونەوەرێکی کەڕ و لاڵ تەماشا کردووە .
ئەمڕۆکە هیچ مانایەك نەماوە بۆ ئەو بۆچوونەی دەیەوێت بیسەلمێنێت کە "ماڵ شوێنی شیاوی ئافرەتە" چونکە خێزانیش ، چ لە ڕۆژئاوا و چ لە وڵاتی ئێمەدا کەتۆتە ژێر پرسیار و گومانەوە ، ئەو هەموو تەڵاق و جیابوونەوە زۆرەی کە هەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە گەورەترین لە ناو ئەو ماڵ و خێزانەدا کە ئافرەتە بەو دۆخە نائینسانییە قایل نییە ، هەڵوەشانەوەی زۆر پەیوەندی و زەماوەندەکان داڕووخانی دەسەڵات و هێزی پیاوەکانە ، هەڵگەڕانەوەی ئافرەتەکانە لە بەرامبەر دۆخێکی نایەکسان و ڕەتکردنەوەی چەوسانەوە و ملکەچییە ، تەنها شتێك لە کوردستاندا کە وایکردووە لە ڕووکەشدا خێزانی کوردی ، بە شێوەیەکی بە تۆکمە و دامەزرا و بزانین لە ڕووکەشدا ، ئەوەیە کە ئافرەتەکان لە ڕووی ئابووریەوە ناتوانن سەربەخۆ بن و بەو چارەنووسە بەڵام بە نا بەدڵی ڕازی دەبن ، هەڵبەتە لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە ئافرەتانی یاخی و تەلاقدراو سووك سەیر دەکرێت و بۆ ئەو زەحمەت دەبێت سەر لە نوێ شوو بکاتەوە یان پەیوەندیەکی قاچاخی لە دەرەوە لەگەڵا پیاوێکدا هەبێت ، جیابوونەوەی ژمارەیەکی زۆری ژن و مێردەکان کە کوردن و ئەمڕۆکە پەناهەندەن ، بەڵگەیەکە کە گەر فاکتەری ئابووری و کۆمەلایەتی نەبن جیابوونەوە و هەلاتن لەو (ماڵە پیرۆزە) ئاسانتر دەبێت .
کەواتە گومان کردن لەوەی کە تا دوێنێ بڕوامان پێی هەبووە ، لەمڕۆکەدا ڕەوایە ، قسە لەسەر ئەوە نییە کە خێزان دەزگایەکی خراپە و دەبێت لەناو ئێمەدا هەڵبوەشێتەوە ، بەڵکو خێزان بەم چەشنە کە باوکان و براکان و کوڕەکان و نێرەکانی هەر هەموو بنەماڵە و خێزانەکان هەڵگری هێز و دەسەڵاتی مادی و مەعنەوین وا دەکات کە ژن و کچەکان و خوشکەکان و هەر هەموو مێینەکانی ناو بنەماڵە و خێزانەکان ببن بە کۆیلە و بەندەوار و خزمەتکار و بێبەش لە

هەموو هێزە مادی و مەعنەوییەکان ، دۆخێکی وا نا بەرابەر و نا ئینسانی هی ئەوەیە کە ڕەخنەی لێبگیرێت و بیر لە گۆڕینی ئەو مۆڕاڵە بکرێتەوە .
ئەگەر کارکردنی پیاو لە دەرەوە مایەی هێز و ناسنامە بێت ، خۆ ئافرەتیش هەتا گەر فەرمانبەر بێت یان ژنی ماڵەوە بە قەد پیاو لە ماڵەوەش ئیش دەکات و کار و ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە ، چ شتێکە کە وایکردووە پیاوان ئەو هەموو ئیش و ئەرکەی ناو ماڵ بە (کار کردن) نەزانن؟ خۆ ئەگەر بۆ جل شۆرین و چێشت لێنان و مناڵ بە خێو کردن و ماڵ پاك کردنەوە پیاو ناچار بێت پارە خەرج بکات ، بێگومان پارەیەکی زۆر لە گیرفانی دێتە دەرێ ، چ شتێکە وا دەکات کە پیاوان لە ڕووی ئەخلاقی و ئابوورییەوە ئەو هەموو ئەرکە بۆ ژنان بە هەند دانەنێن و حسابی بۆنەکەن؟ ئەوەیان چ ڕۆحێکی خواهانەیە کە لە پیاواندا هەیە؟ چ ڕۆحێکی زاڵی دکتاتۆر ئاسایە کە ژن و کچەکانی .. خوشکەکانی بەکۆیلە و خزمەتکار دەزانێت .
پیاوان دەڵێن ئەوەیان حوکمی سروشتە کە ژنان مەرجە کەبیانووی باش بن ، مناڵەکان جوان پەروەردە بکەن ،ماڵدار و میهرەبان بن ، پەرستار و ئیشگری تەك پیاوە پیر و نەخۆشەکان بن ، داوێن پاك بن ، دەست و دڵا پاك ، کارگێڕی چاپووك ، هەمیشە ئامادە و دەستە و نەزەر کە ئەو کاتانەی پیاوەکان هەوەس و شەهوەت هاریان دەکات ، چش لەوەی لە بەیانیەوە تا شەو خەوتنان بە پێوە بوون و هیلاك و ماندوو ، دواجار مەرجە لەسەر ژن لە پێخەفدا گەرم و هەوەس باز بێت ، هەر بۆیە هیچ سەیر نییە کە لە ناو ئێمەدا هەر زوو لە تەمەنێکی زۆر ناسکدا ژنان پیر دەبن و چی جوانی سروشت پێی بەخشیون نامێنێت .
"شوێنی شیاوی ئافرەت" دەربڕینێکی زۆر تەقلیدی و کۆنە ، زۆربەی ئەو کەسانەی لە پێکهاتەی خێزان و ماڵ وەك دەزگایەکی تۆکمە و دامەزراو دەکۆڵنەوە وای بۆ دەچن ماڵ و خێزان وەك بیرۆکەیەك لە حەکایەتێك دەچێت کە دەماودەم باو و پیران بۆ ئێمەی وەسف بکەن ، وەك مۆدەیەکی کۆن بەسەرچوو ، پتر لە یادەوەری پیرەکاندا ئەو مانا پیرۆزەی ماوە ، شێوازێك بووە لە ژیان و زیندەگی کردن ، یان پتر بۆ مانای (ماڵ) ناچارین بگەڕێینەوە ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەیەم ، دیارە ئێمەش لەو مناڵانە دەچین کە گوێ لەو حەکایەتانە دەگرین و ئەم وێنانەی ماڵ ، ماڵی گەرم و دوور لە مەترسی ، سەربان و دیوار و دەرگای پۆلایین ، دایکی میهرەبان و باوکی پاڵەوان سیحرمان لێدەکات و گەرممان دەکاتەوە ، نە گورگ و نە دێو و نە دوژمن زەفەرمان پی نابەن ، ئەوە دووبارە کردنەوەی وێنەی باوکی ڕاوچی و داربڕە کە درەنگی شەو دێتەوە ، ئەو وێنەی دایکە جوان و ئازاکەمانە کە لە ڕێی دەیەها فرو فێڵا وا دەکات دوژمن و گورگ و کەمتیار و دوژمنەکان لە دەرەوە بن تا باوکە دێتەوە ، پاڵەوان ئاسا هەر هەموویان ڕاو دەنێت ، وێنەی وا کە ژن جێگیر دەکات لە ناو ماڵ ، گەر حەکایەت بێت یان ئەفسانە ، دواجار مێژوویەکی کۆن و پیری هەیە و لە یادەوەری هەمووماندا قووڵا ڕەگی داکوتاوە .
سەبارەت بە ئێمەی کورد ماڵ / خێزان هێشتا پێکهاتەیەکی هیرارکی / قوچەیەکی هەرەمی هەیە و بەرهەمی ڕۆژگاری دەرەبەگی و شوانکارەییە کە تا ئەمڕۆکەش ئەو بونیاتە تەقلیدییە گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە ، کە لە سەرەوە باوك سەردارە و دایك ماڵدارە و کوڕ و کچەکانیش ، لە پاڵ دایکەی ماڵداردا هەر کارگەر و کۆیلەن ، لەوەدایە کەسێك بەر پەرچم بداتەوە و بڵێت ئەو بونیاتە تەقلیدییەی ماڵ و خێزان بەو چەشنە پێکهاتە کۆنە خۆی نەماوە و پایەکانی لەقیون ، ڕاستە چەشنێك لە نەش و نومای چینە باڵاکانی کۆمەڵگای ئێمە تا ڕادەیەك خەسڵەت و ئەدگاری ئەو ماڵ و خێزانە تەقلیدییەی گۆڕیوە ، بەڵام هەڵگری هەمان ڕۆحیەتی کۆنە پارێزە و کەلتووری زاڵی سەدەها ساڵی نێرینە وای نەکردووە ئەو پێکهاتە هیرار کییە - هەرەمییە- قوچەکییە تێکبچێت و هەڵبوەشێتەوە ، ئەوەی کە لە ئەوروپا پێی دەوترێ چینی بۆرژوا/یان چینی ناوەڕاست کە توانی تاکەکەس (individual) دروست بکات لای ئێمە ئەو

شۆڕشە گەورەیە لەسەر دەستی ئەو چینە دروست نەبوو ، ماڵ بەو مانایەی ئەمڕۆکە پێناسەی دەکەین بەرهەمی ئەو چینە بوو کە توانی چەرخەکانی ناوەڕاست تێپەڕێنی و بازبداتە ناو سەردەمی تازە ، چونکە ئەو چینە لە ئاوروپا چینێکی چالاك و بزێو و پڕ فیکر بوو ، هەڵگری پرسیار و گومان ، بە پێچەوانەی ئەو چینە تەمبەڵ و تەوەزەڵەی لە ناو ئێمەدا هەر بە هەوەنتە ناو نراوە چینی بۆرژوا ، ئێمە لە ڕووی فەرهەنگی و مۆراڵییەوە قۆناغی دەرەبەگیمان ڕەت نەکردووە ، ئەو قۆناغەی کە بە ئەفسانە و حەکایەتەکان گەمارۆی داوین کە لە خەیاڵگەی هەمووماندا ئەو ئەفسانەیە ماڵ و خێزان بە پێکهاتەیەکی پیرۆز دەزانێت و دژ بە هەموو گومان و پرسیارێك دەوەستێتەوە ، خێزان بوونێکی نەمری هەیە و ئەوە تەنها ئافرەتە کە پایەکانی ڕاگرتووە ، چوونە دەرەوەی ئافرەت لە (شوێنە شیاوەکەی خۆی/ماڵ) دەبێتە مایەی کارەسات و ئەو وێنە جوانەی لەسەر ماڵ و خێزان هەمانە دەشێوێت ، هەموو ئەو پەیوەندیانەش دادەڕمێن کە لەوەتەی کۆمەڵگا پەیدا بووە و خێزان و ماڵ هەن بە پیرۆزی ڕاگیرا بوون ، کەواتە ئەوە تەنها ئافرەتە کە دەبێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی بڕوای بەو ئەفسانەیە هەبێت و لە ماڵ نەچێتە دەر ، ئەفسانەیەك کە پیاوان ولە هەندێك لە قۆناغی جیاجیادا خودی ژنانیش فێڵیان لێ کراوە و دەست لە ناو دەست لەگەڵا پیاوەکاندا هەمان حەکایەتیان گێڕاوەتەوە و هەمان ئەفسانەیان وەك حەقیقەت وەرگرتووە .

لە ئاوروپاش ئەفسانەیەك هەبووە کە وێنەی ئافرەتێکی کێشاوە کە جاروبار دێتە دەرێ و وەك دەڵە قۆڕ مەمکە زلەکانی کراسیان دڕیوە و دونیایەك پیاوی دوای خۆی خستووە ، ئەمەیان تابلۆی زۆر شەیتانییە و دەستکردی پیاو بووە ، هەڵبەت ترسێکی غەریزی پیاوە لە بەرامبەر ئافرەتدا ، کەواتە پیرۆزی ئافرەت لە پیرۆزی ڕاگرتنی ئەو ماڵەدایە کە بە چوونە دەرەوەی سەربان و دیوارەکانی دادەڕمێن ، ئەوەیان دیسانەوە وێنەی (حەوا)یە کە سووك و سانا دەتوانێ لە (بەهەشت/ماڵ) وەدەرمان بنێت و (ئادەم) فریو بدات .

ڕاستە کە ئەمڕۆکە لەناو شارەکانی کوردستاندا ئەو جۆرە چینە پەیدا بووە کە لە ڕووی مادییەوە هەڵگری بەشێك لە خەسڵەتەکانی چینی بۆرژوایە ، بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆحی و فیکری بێ خەونە و بێ پرۆژەیە ، لەمەڕ پێکهاتەی خێزان هەڵگری هەمان خەسڵەتی قۆناغی دەرەبەگییە ، ڕاستە کە بە هەزاران ژن و کچ دەچنە دەرەوە ، بەڵام پەیوەندییە ڕۆحی و ناوەکییەکان نەگۆڕاون ، ئایین و کەلتور وەك باکگراوندێك بۆ کۆی سیستەمی ئەخلاقی ئەوەندە تۆکمە و دامەزراوە کە تەنها خۆیان بوونەتە کارگەی بەرهەم هێنانی ئەو ئەخلاقە تەقلیدییەی کە ئافرەتی لە قۆناغی ژێر دەستەیی هێشتۆتەوە ، بە واتا بەها مادییەکان و سەرچاوەی هێزی دارایی ئەو ئافرەتانەش کە بوونەتە خاوەنی گیرفانی خۆیان نەیتوانیوە ئەو سیستەمە بگۆڕێت و چەشنێکی دیکە لە پەیوەندی دروست بکات .

کۆشکەکانی ناو شار لەو حەسارانە دەچن کە لە سەدەی نۆزدەمدا هەبوون ئاغا و بەگێك تیایدا حوکمڕان بوو ، هێشتا ئەخلاقی میر و بەگزادەکانی ناو قەڵاکانی سەر شاخ و گردەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە ، گوندەکانیش لە دامێنی ئەو قەڵاو قوللانەی سەر گردەکان جگە لە کۆمەڵێ کوخت و کولانە و کەپری داڕووخا و هیچی دیکە نەبوون ، ئێستاش لەناو شارەکاندا گەڕەکە هەژار نشینەکانی دەرەوەی شار کت و مت لەو کوخت و کەلاوانەی دامێنی قەڵاکانی میرەکانی سەردەمی زوو دەچن ، خولق و خەیاڵی پیاوەکانی ناو کۆشك و کەلاوەکانیش جیاوازییەکی ئەوەندە گەورەی نییە ، ئەگەر سەد ساڵا لەمەوبەر (حەرەم سەرا) هەبوو کە پڕ بوو لە ژنەکانی سوڵتان و میرەکان ، ئەمڕۆکە زۆر لە کۆشکە تازە و ڕازاوەکان مودێلێکی تازەن لە (حەرەم سەرا) .

ڕاستە لە ڕووی ئەندازە سازیەوە لە دەرەوەڕا گۆڕاون ، بەڵام لە ناوەوە پەیوەندییەکانی (نێر و مێ) هەمان پەیوەندییەکانی ناو حەسار و قەڵا و قوللەکانن .
تەنها جیاوازی گەورە لە لای من لە نێوان ئەو خێزانانەی کە لە نێو کۆشك و کەلاوەکاندا دەژین لەوەدایە ، کۆشکەکان بە بەراورد لەگەڵ کەلاوەکان ، خەڵکەکانی ناوی ئەوەندە برسی و ڕووت و ڕەجاڵ نین ، ئەوەندە سەرما و گەرما نابینن ، دیارە لە هەردووکیاندا دڵڕەقی و فەرامۆش کردنی (ژن و منداڵ) هەیە ، بەڵام کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە خۆشگوزەرانی کەش و هەوایەکی خۆشتر بۆ زیندەگی دەسازێنێت .
دەبێت بڕوا بەوە بێنین کە چ لە (نیویۆرك) و چ لە (هەولێر) خەڵکانێك هەن پێیان دەوترێ (هەبووەکان) و لە بەرامبەردا (نەبوونەکان)یش هەن ، هەڵبەتە کچان و ژنانی ناو (نەبووەکان) مەینەت و دەردیان زۆرترە لە کچان و ژنانی ناو (هەبووەکان) .
هەڵبەتە پانتایی ژوورەکان و بەرزی و نزمی سەربان و دەرگا و پەنجەرەکان جیاوازن ، ئاودەستخانە و گەرماو و ناندینەکان جیاوازن ، لە ناو زۆرێك لەو خانووە داڕووخاوانە و کەلاوانەدا مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر بەیەکەوە دەژین ، هەر ئەو شوێنانەش کە بە ماڵ حیسابە و شوێنی شیاوی ژنە ، بە تایبەتی لە ناو شارۆچکە و گوندەکاندا ، لەو ماڵانەی کە ژن و مێرد سێکس دەکەن منداڵەکان ئاگادارن چونکە زۆر لەو خانووانە یەك ژوورین ، من خۆم گوێم لە گریان و ناڵەی دایکم بووە لەژێر هەوەسی باوکمدا .
هەڵبەتە یەکجار زۆرن ئەو ماڵانەی کە کۆشێك مناڵیان هەیە و خزاونەتە یەك دوو ژوور ، چل پەنجا ساڵێك لەمەوبەر لەو خانۆچکە بچوکانەدا لە نێوان ژوورەکاندا پەردەیەك بووك و زاوای لە ئەندامانی خێزان جیا دەکردەوە ، زۆربەی ماڵەکان دەرگای ئاودەستخانە و گەرماوەکانیان پارچە گوێنی یان کۆنە قوماشێك بوو ، هەڵبەتە تا ئێستاش لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی ناو شارە گەورەکان و شارۆچکە و گوند و ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان ئەم دۆخە نا ئامادەمییە ماوە ، بە زۆر زیندانی کردنی کچان و ژنان لەم جۆرە ماڵانەدا مایەی چەندین کارەساتی دەروونی و جەستەییە ، ئەوە ئەو شوێنە شیاوەیە بۆ ژنە هەژارەکان ، لەو شوێنانەی کەلاوەی شان شکاو و خانۆچکەی داڕوخاون کە تیایدا ژووری نووستن و تەویلە و گەوڕەکان تێکەڵن ، مرۆڤ و مەڕ و بزن و مریشك تێکەڵن .
ئایا دەکرێت وەڵامی ئەو هێز و پیاوە کۆنە خواز و ترسنۆك و تەقلیدییانە بدەینەوە بەوەی کە گەڕاندنەوەی ژنان و کچان بۆ ناو (ماڵ – شوێنی شیاوی خۆیان) زۆر زەحمەتە و لە مەحاڵ دەچێت ، ئاخر گەر مێژووی کار و پیشەی خەڵکی کوردستان ، لە بواری کشت و کاڵ و شوانکارەیی هەزارەها ساڵ بوو بێت و ئەوەش وای کردبێت کە ژنان لە هەر هەموو کارەکاندا پشکی بەشداری گەورەیان هەبوو بێت ، لەسەر کێڵگە و مەزراکان شان بە شانی پیاو کاریان کردبێت ، هەرگیز پێویستیان بە عەبا و پەچە نەبووبێ ، ئەگەر ژنان بێریڤان و کێشە کەر و لە پەرێزان و هەرێزان بووبن ، لە ناو باخ و بێستانەکان سەرگەرمی بژار بووبن ، هێنانی چڵا و چێو و دار بووبن بۆ سووتەمەنی ، کۆکردنەوەی تەپکە ڕیخ و قشپڵا و تەرسە قول ، ئاو هێنان لە کانی و چۆمەکان ، لە وەختی نەبوونی یان نەمانی نێرینەکان کچە پارچەلەکان بووبن بە شوان و گاوان ، کەواتە بۆ دەبێت (ماڵ – شوێنی شیاوی ژن)ە بۆ خۆی جۆرێك لە درۆ و ئەفسانە نەبێت؟ لە شارەکانیش لەگەڵ کردنەوەی یەکەم مەکتەبی قوتابخانەی کچان و هاتنی جۆرێك لە شەپۆلی تازەکردنەوە و تازەگەری ڕێگەی خۆش کرد کە ئەو کچانەی هاتنە دەرەوە ، تازە مەحاڵە بچنەوە ژووری .
هەر لەو سەرەتایەدا کە شاعیرە کوردەکانی قۆناغی (کلاسیکی نوێ) داوای ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر (نێر و مێ بە جووتە هەوڵێ نەدەن .. مەحاڵە دەرچوون لەم زیلەتە و ) (نەسرین دەمێکە

داخت لە دڵمە) و (مەل بە باڵێك نافڕێت) ، بانگەشە كردن بۆ فڕێدانی عەبا و پەچە كە بە قەناعەتی من پتر لە مۆدێلێكی ناو (حەرەم سەراكان)ی قۆناغی عوسمانلییە و پتر شارەكانی گرتەوە ئەو كاتەی هەموو كوردستان لە ژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی دا بوو ، دەنا بەو هەموو ئەرك و ئیشە زۆرەی كچان و ژنانی كورد خۆشاردنەوە لە ژێر عەبا و پەچەدا هیچ مانایەكی نەبووە هەتا لەو قۆناغەدا شێوەی تەلار سازی خانووەكان وای كردووە كە ژوورەكان بێ پەنجەرە بن و لە نێوان (مووبەق – نادین) و ژووری میوان كە هی پیاوان بوو تەنها كونێك لەو دیوارەی نێوانیاندا هەبێت كە جگە لە دەستێك و قاپێك هیچی پێوە نەچووە ، ئەوەش بۆ ڕەتكردنی قاپەكان بووە بۆ ژووری میوان ، ئەم تەقلیدە وای كردووە كە لە شارێك وەكو (هەولێر) مەحاڵە لە ناو خێزانە توركمانەكان ژن و كچ و خوشكی هاوڕێكانت ببینیت ، ئێستاش لە هەولێر ئەم جۆرە خانووانە ماون .

ژنە كرمانجەكان كە بۆ هەر ئیشێك هاتبێتنە ناو شار پێویستیان بە عەبا و پەچە نەبووە ، بەڵكو لە قۆناغێكی زۆر درەنگتر كە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پەنجاكان كە گوندییەكان لە شار نیشتەجێ دەبن و لاسایی ژنە شارستانییەكان دەكەنەوە ، كە زۆربەیان توركمان و دانیشتووی قەڵا بوون ، لەو سەردەمەدا كە هەر دەكا ساڵانی پەنجاكان ، كچێك لەبەر هەر هۆیەك بوو بێت بێ عەبا و پێچە لە قەڵا دێتە خوارێ ، ئەو كچە بوێرە گوێ بە تانە و تەشەری پیاوەكان نادات و لەوە دەچێت لەو پۆلە كچە بوو بێت كە لەو ساڵانەدا و لەگەڵ هاتنی شۆڕشی گەلاوێژ و بانگەشەی ئازادی ژنان و كرانەوەی كۆمەڵگا كەوتنە فڕێدانی عەبا و پەچە ، دیارە ئەو كچە هەر لەسەر ئەو ڕەفتارەی بەختی شوو كردنی بۆ نەڕەخساو كەس ئامادە نەبوو بیخوازێت ، لە یادمان نەچێت كە كەلتوری ئایین پەروەرانەی عوسمانلییەكان و توركمانەكان تا ئەمڕۆكەش هێز و نەخشی لەسەر هەڵس و كەوتی خەڵكی هەولێر داناوە .

دیارە ناكرێت وا بزانین شارەكانی دهۆك و سلێمانی زۆر جیاواز بووبێتن ، چونكە وەك وتمان هەموو كوردستان لە ژێر حوكمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دا بوو ، كە ئایینی ئیسلام یەكە ئەستونگی گەورە و بڵندی ڕاگرتنی ئەو فەرمانڕەوایەتییە بووە ، ئەگەر چی هەر شارێك و خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆی بووە ، بەڵام حاڵی ژن لە گوندەكانی كوردستان چوون یەك بووە ، ڕژانی كچان و ژنانیش ، ئەوانەی كە شارستانشین بوون هەر دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی پەنجاكان و سەرەتای شەستەكان و لەوە بەدواوە .

هەڵبەتە لە دوای كارەساتەكانی ئەنفال و وێران كردنی هەزارەها گوند و لە گۆڕنان و بزر كردنی هەشت هەزار بارزانی وای كرد بە هەزارەها ئافرەت بێ پیاو (باوك و مێرد و برا و كوڕ) بمێننەوە ، ئەوەش وای كرد لە ناو ئۆردوگاو و شارۆچكە زۆرە ملێیەكان و شارە گەورەكان بە هەزارەها ئافرەت بڕژێنە سەر شەقام و ناو كۆڵانەكان كە ببوون بە هێزێكی فرە گەورە و بێ شوماری كارگەران كە دواجار وایكرد چیتر كەس زاتی ئەوە نەكات بەو كچ و ژنە بێكەسانە بڵێ ((بڕۆنەوە ناو ماڵەكان – شوێنی شیاوی خۆتان)) .

گەر بشگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیمارەتە كوردییەكان چەشنێك لە ژیانی هەرەوەزی هەبووە ، لە دامێنی قەڵا و قوللەكانی سەر گرد و شاخەكان ماڵی سەدەها پاسەوان و خزمەتكار و دەرگاوان و پاڵە و سەپان و جوتیار و شوان و گاوان و باخەوان بەسەر یەكدیدا كەڵەكە بوون كە هەمدیس پیاوەكان نەیانتوانیوە بێ ژنەكانی ئەو هەموو كار و پیشەیە بكەن ، بەڵام هەر وەك ئێستا چۆن ژنانی فەرمانبەر كارگەر ئەرك و ئیشی ماڵیان لە كۆڵ نەبۆتەوە ، لەو سەردەمە زۆر كۆن و دێرینانەشدا ئیش و كاری سەر مەزرا و كێڵگەكان و دەیەها ئیش و هیلاكی دیكەی دەرەوە وای نەكردووە كە ژنان و كچان لە ناو كەلاوە و خانۆچكە و ژێر كەپر و دەوارەكاندا حەساوە بن ، لەگەڵا حەكایەتی زۆری هەموو ئەو ڕۆژهەڵات ناسانەی كە دەگێڕنەوە ژنانی كورد ڕێزی زۆریان

لێ گیراوە و یەکسان بوون و شان بە شانی پیاو کاریان کردووە ، ئەوە لە بیر ئێمە ناباتەوە کە مولْك و ماڵ و مەڕ و ماڵات و ئاو و درەخت و ژن هەر هی پیاو بووە ، میراتی مارە و تەلاق حوکمی ماڵا هەر هی پیاو بووە ، لە دایك بوونی کوڕێك ئاهەنگ بووە و لە دایك بوونی کچێك جۆرێك لە دڵتەنگی و گرژ بوون و مرو مۆچی ، هەر پیاوەکان خۆیان دەست نیشانی چارەنووسی کچەکانی خۆیان کردووە ، بڕیاری جەنگ و ئاشتی هەر بە دەست پیاو بووە ، بەواتا هەر نێر زاڵا بووە و ئەو حوکمڕانییە (هیرارکییە – هەرەمییە) لەوساوە تا ئەمڕۆکە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا زۆر نەگۆڕاوە .

گەرچی پەیوەندی کراوە و داخراوی ژن و پیاوەکانیش بە پێی جوگرافیا و هەتا خێڵا و هۆزەکان جۆرێك لە جیاوازی تێکەوتووە ، مامەڵەی پیاوەکانی دەشتی هەولێر بە بەراورد لەگەڵ دۆڵی باڵەکیان و یان هەمەوەندییەکان لەگەڵ کچ و ژنەکانیاندا زۆر گرژ و وشك و داخرا و پڕ دەمارگیرییە ، نێرینەکانی پێدەشتەکانی کاڵتر و لاوازتر دەبێت تا بەرەو ناو شاخ و چیاکان بڕۆین ، هەر بۆ نموونە هەڵوێستی پیاوەکانی ناو خێڵە جیاوازەکانی لەمەڕ مەسەلەی (ڕەدوو کەوتنی کچان و هەتا ژنان) جیاوازە ، لە دەشتی هەولێر دەرئەنجامەکەی شکانی شەرەفە و کوشتنی کچان و ژنانی ڕەدوو کەوتوو حەڵاڵ دەکات ، بەڵام لە دۆڵی باڵەکیان ئەوەندە قورس و قوڵی ناکەنەوە ، بەڵام پیاوانی هەر هەموو خێڵەکان بڕوایان وایە کە شەرەف وا لای کچ و ژن خوشکەکانیان .

کەواتە دیاردەی بوونی شتێك بە ناوی (ژنی ماڵ) بەرهەمی شارە و ئەوکاتەیە کە دەوترێ (پیاو بایی دەرەوە)یە ، لە کۆمەڵگایەك کە کارگە و فابریقەی گەورە نادۆزینەوە کە بە هەزارەها ژن و پیاو تیایدا کارگەر بووبن ، بە تایبەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا کە بازاڕی کوردی بە تەنها چەند پیشە و پیشە گەرێکی وەك ئاسنگەر و دارتاش و تەنەکەچی و پینەچی ... هتد , تێدا بووە .

تەنها پیشەیەك کە لە شارەکانی کوردستاندا کە بۆ ژنان هەبووبێت کارگەی زۆر سادە و بچکۆلەی چنین هەبووە ، بە هەموو جۆرەکانی چنینەوە ، جا چ بە دەست یان دەزگای زۆر سادە و سەرەتایی ، کە خودی ئەم جۆرە پیشەیە وایکردووە دیسانەوە ژنان و کچان لە ماڵەکان بگیرسێنەوە و باوك و برا بەرهەم و کاری دەست ڕەنگینیان ببەنە بازاڕ و لە دوکانەکاندا بفرۆشرێن ، لەو سەردەمانەدا وتراوە .. ((ئافرەت دوو جاران ماڵی باوکی بەجێدەهێڵێت : ئەو کاتەی بە بووکی دەڕواتە دەرێ یان ئەو کاتەی کە دەمرێت و ڕووە و گۆڕستان دەبرێت )) .

ژمارەیەکی کەمیش هەبوون لەوانەی کە لە گوندەکانیانەوە بە خاو و خێزانەوە هاتبوون و لە شارە گەورەکان نیشتەجێ بوون ، دیارە ساڵا بە ساڵیش پتر دەبوو ، ئەو ژنانەی وەکو نانکەر و کارەکەر و جلشۆر دەچوونە ماڵی خوا پێداوەکان ، چوونە دەرەوەی ئەو کچ و ژنانە ڕەوا بوو ، بە تایبەتی کە سەر بە خانەوادەی هەژار بوون وەك سەرچاوەیەکی دارایی دەبوون بە پاڵپشتی پیاوە کەمدەرامەت و دەست بەتاڵەکان ، لە پاڵا ئەوشدا لە هەموو شارەکاندا ئەو کچ و ژنانەش دەبینران لەسەر شۆستە و جادەکان کە ماست و پەنیر و ژاژی و لۆریان دەفرۆشت ، جگە لەو ژنانەی کە لەسەر فرۆشتنی گیا و گوڵی بەهاران دەژیان ، نەنکی من یەکێك بوو لەو ژنانەی کە لە دەست ستەم و ئەشکەنجەی مێردە پیرەکەی ڕایکردبوو ، لە گوندی (قەشقە)وە ڕووە و شاری هەولێر سەری خۆی هەڵگرتبوو ، دایکمی خستبووە ناو تێڵەگەیەك و هەر بە تەنها ساڵانێکی زۆر لەسەر فرۆشتنی گیا و گوڵا و دەرمانی دەرهێنرا و لەو گەڵا و گوڵەوە ژیا بوو تا شوو کردنەوەی دووەمی ، ئێستاکەش زۆرن ئەو ئافرەتانەی بەهاران کنگر و تۆڵەکە و کاردوو دێننە ناو شار و لە سەری دەژین .

لەوانەیە ماڵ بۆ هەر هەموومان ئەو هێلانەیە بێت کە تیایدا چاومان کردەوە ، ماڵ وەك شوێن و هێلانەی یەکەم ، وەك (باشلار)یش بۆ دەچێ پەیوەندی بەوەوە نییە چەندە جوان یان ناشرین بووە ، ئێمە هەر هەموومان نۆستالژیایەکی گەرممان بۆ ئەو ماڵ و ڕۆژگارە هەیە ، سۆزێکی جوان ، بێ هۆ نییە کە (ماڵ و نیشتمان) هەمان مانایان هەبێت ، شوێنی لە دایك بوون و گەورە بوون ، سەردەمی پاکی ، هەواری یەکەمی هیواو خەون و خولیا و عەشق ، کەواتە (ماڵ) بە تەنها هی ژن نییە و ناکرێت لە ئارامگایەکەوە بکرێت بە زیندان .
ڕاستە کە ڕۆژهەڵاتیەکان بە گشتی و کورد بە تایبەتی ماڵ بە کانگای سۆز و خۆشەویستی دەزانێت ، هەمیشە شانازی بەوەوە دەکات ، لەسەر ئاستی میللی خەڵك ڕەخنە لە ڕۆژئاوا دەگرێت و وای بۆ دەچن کە ماڵ و خێزان پیرۆزی خۆی لە دەست داوە ، بەڵام ڕەنگە ئەو ڕوانینە کەمەکێ ڕووکەشیانە بێت ، چونکە پێکهاتەی خێزانی لەوێندەری کراوەیە و هەر ئەندامێکی خێزان دواجار تاکێکی سەربەخۆیە و خاوەنی خولیا و حەزی خۆیەتی ، خێزان شێوەیەکی بازنەیی وەرگرتووە نەك هیراکی – قوچەکی ، ڕەنگە هۆکاری ئەو گۆڕانەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانە ئابووری و کۆمەلایەتییەی کە دوای شۆڕشی پیشەسازی پەیدا بوو ، لەگەڵا نەش و نمای پتری چینی ناوەڕاست و هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کەوایان کرد ملیۆنەها پیاو بکوژرێن و ملیۆنەها کەم ئەندام و ئیفلیج ببن و کارگە و فابریقەکان چۆڵ ببن و ملیۆنەها کچ و ژن جێگەی پیاوە کوژرا و کەمئەندامەکان بگرنەوە ، ئیتر جارێکی دیکە مەحاڵ بوو بچنەوە کونی ژوورەوە ، سەرباری ئەو بزافە بەهێزانەی ئازادی ژنان ، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی قوتابیان و لە کۆتایی سالأنی شەست و سەرەتای حەفتاکان ، ئەوانە وایان کرد لە کلێساش چیتر ئەو کۆت و بەندانەی جاران لەسەر پەیوەندییەکان نەمێنێ و بەرامبەر ئەو دۆخە تازەیە نەرم و نیانی بنوێنێت ، ئیدی پاشماوەکانی مۆڕاڵی فیودالی بەرەو نەمان چوو ، ئەو هەموو هۆکارانە بەس بوون کە وتەزایەکی وا کە دەیوت (ماڵ – شوێنی شیاوی ژنە) بە تەواوی مانای نەمێنێ و پێکهاتەی خێزانیش بە تەواوی بگۆڕێت ، بەڵام لای ئێمە ئەو فاکتەرە هەرە بەهێزانە نین کە بکات لە بنەڕەتەوە ئەم ئەفسانەیە تیایدا هەڵبوەشێتەوە ، هێشتا پاشماوەی مۆڕاڵی دەرەبەگی ڕۆحی زۆربەمانی داگیر کردووە ، جگە لە زاڵبوونی ئایین کە هەمیشە جەخت لەسەر ئەو ترسە دەکاتەوە ، ترسی چوونە دەرەوەی ژنان و کاول بوونی ماڵەکان ، هێشتا پەیوەندییەکیان بەرهەمی قۆناغێکی کشت و کاڵین کە کەش و هەوایەکی وای دروست کردووە هێزە کۆنە خواز و تەقلیدیەکان بە دەنگی بەرز داوای ئەوە بکەن کە (ماڵ شوێنی شیاوی ژنە) ، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا بەرەیەکی بەرین و بەهێز بەرگری لەوە دەکات کە هەموو جیهانی دەرەوە شوێنی شیاوە بۆ ژنان وەك پیاوان ، ئەوەشیان ئەم ساتە وەختەیە کە دەبێت بزانین ئەو هێز و باڵە کۆنە خوازە گەر دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست واز لەو ئەفسانەیە ناهێنێ و هەوڵی بۆ دەدات بیکا بە حەقیقەت و واقیع .
زۆر بە داخەوە ئەوەی وای کردووە کە دەنگی هێزە سەلەفی وکۆنە خوازەکانی ناو کورد دلێر و زاڵ بێت ، سستی و تەمبەڵی هەموو حیزب و لایەنەکانی دیکەن کە خۆیان بە نەتەوە پەرست و سێکولار و مۆدێرن دەزانن ، بەڵام بۆ سەرخستنی مەسەلەی ژنان هیچ پرۆژەیەکی ڕاستەقینەیان لە هەگبەدا نییە و هەمیشە شەرمنن و دڵداری لەگەڵ هەموو هێزە پاشکەفتیەکانی ناو کوردستان دەکەن .
ئەو باڵ و بەرە بەهێزانەی کە ئەفسانەی کۆنە خوازەکانیش ڕەت دەکەنەوە ، هەتا ئەگەر لەناو حیزبەکانیش بن بڕیار بە دەست نین ، دەمێنێتەوە سەر دەستە و هەڵبژاردەیەك لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و خوێندەوارانی کورد هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەك لە کچان و ژنانی چالاك و بزێو .. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کوڕ و کچانی لاوی ئەم نەوە تازەیە کە هێشتا ماوییەتی پرۆژە و

بەرنامەیەکی تۆکمە و دامەزراویان هەبێت ، لەم بوارەدا هێز و باڵە کۆنە پارێزەکان پڕ بەرنامە و چالاکترن لە هەموو ئەو هێزانەی بانگەشەی تازە گەری دەکەن .
گرفتی گەورە لە سروشتی هەر ئەفسانەیەکدا ئەوەیە کە دەکرێت هەم ڕاست بێت و هەم درۆ ، وەك حەقیقەت و واقیع ناکرێت بڕوا بە ئەفسانە بکرێت ، بەڵام وەك خولیا و خەون ئارەزووی ئینسانەکان ، وەك ترسی ئادەمیانە دیوێکی ڕاستەقینەی تێدایە ، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە لەناو ئەفسانەدا نوقمە و هێشتا هەوا و هەوەس و ترس و خولیا و حەزەکان گەمە بە مرۆڤەکان دەکەن و لێیان دەخوڕن ، ئەفسانە ، لە هەموو کاتەکاندا ، هێزێکی گەورە و کاریگەرە لە ئاراستە کردنی کەسەکان ، توانایەکی پێکهێنەرانەی سەیری هەیە لەوەی وەڵام بە ترس و گومان و دڵە ڕاوکێ و هەموو داوا و مەیلە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ دەداتەوە ، بە تایبەتی گەر ئەو ترس و گومان و داوایانە مێژوویەکی درێژی هەبێت ، لەم دۆخە نالەبارەدا ئەفسانە پشت ئەستوور بەو مێژووە درێژەی کە هەڵگرییەتی شەڕی خۆی لەگەڵ هەموو حەقیقەتەکان دەکات ، هەڕەشەی سەر کەوتنیش دەکا ، ئەوە ئەو هەڕەشەو شەڕەیە کە کۆنە خوازەکان سوورن لەسەر وەسەر خستن و بردنەوەی ئەو جەنگە ، بە واقیع کردنی ئەو ئەفسانەیە کە ئەگەر بۆی نەکرا بەرەنگاری حەقیقەتەکان ببێتەوە ، هەوڵ دەدات بیشارێتەوە ، بۆ ئەوەش هەموو ئامرازێك بەکار دێنێت ، لە قسە کردن بە ناوی خواوە تا دواندن وە ئاگا هێنانی ئەو ترس و بیمەی لەناو ڕۆحی زۆربەی پیاوەکاندا هەیە ، دوا هەوڵی کۆنە خوازەکان ئەوەیە گەورەترین گەمە و قومار لەسەر ئەو ئەفسانەیە دەکەن ، دوا خەونی ئێمەش بینینی ئەو هەموو حەقیقەتەیە کە دەوری داوین و پێمان دەڵێ : درەنگ و زوو ئەم ئەفسانەیە هەڵدەوەشێتەوە ، ئەفسانەی (( ماڵ؛ شوێنی شیاوی ژنانە ...!)) .

بەفرانباری/2005